# پێغەمبەر ئیرمیا

## ئیرمیا

لە وانەی ڕابردوو، خوێندینەوە کە پێغەمبەر ئیشایا زۆری نووسی دەربارەی مەسیح کە دەبوایە بێت. حەفت سەد ساڵ پێش لەدایك بوونی مسەیح، خودا لە بیری ئیشایا دانا چۆن ئەم ڕزگاری دەرە گوناهباران دێت لەلایەن ئامادەیی خوداوە و لە پاکیزەیەك لەدایك دەبێت و ژیانێکی پیرۆز دەژی و موعجیزە وا دەکات کە کەس پێی نەکرێ. بەڵام هەروەها ئیشایا پێشبینی کرد کە مەسیح خوێنی خۆی دەرێژێ وەك بەرخی قوربانی تاکو سزای گوناهی جیهان بداتەوە. کاتێ قوربانییەکەی تەواو بوو، ئەوا مردن دەبەزێنێ و لە قەبر هەڵدەستێتەوە و ژیانێکی تاهەتایی بۆ ئەو کەسانە دابین دەکات کە باوەڕی پێ دێنن. بۆ ئێستا پلانمان وایە دیراسەتی پێغەمبەرێکی تری مەزنی خودا بکەین — پێغەمبەر ئیرمیا.

ئیرمیا نزیکەی سەد ساڵ لەپاش پێغەمبەر ئیشایا ژیا. وەك تائێستا بینیمان، نەتەوەی ئیسرائیل کە چی دی نەتەوەیەکی یەکگر نین. بوون بە دوو نەتەوە: ئیسرائیل و یەهودا. لە چەرخی ئیرمیا، شانشینی ئیسرائیل کە لە باکوور بوو تێك شکابوو. خودا خەڵکی ئیسرائیلی دابووە دەستی دوژمنانیەوە چونکە ئەوان باوەڕیان بە پەیامی پێغەمبەران نەبوو و تۆبەیان نەکرد لە گوناهەکانیان. بۆیە، لە نەتەوەی جولەکە، تەنها یەهودا مابوو. یەهوداش نەتەوەی باشوور بوو، پایتەختەکەی قودس (واتا **ئۆرشەلیم**) بوو لەو شوێنەی پەرستگاکەی سلێمان بنیات نرابوو. وەك ئەوەی فێربووین تائێستا، یەهودا ئەو خێڵە بوو کەخودا بەڵێنی دابوو کەمەسیحی لێوە بێنێتە جیهان.

ئیرمیا جولەکە بوو. لە شارۆچکەیەکی بچووك لەدایك بوو پێنج کیلۆمەتر لە قودس دوور بوو. باوکی ئیرمیا کاهین بوو لە پەرستگاکەی لە قودس. لەو کاتە، زۆربەی جولەکەکان لە قودس هێشتا زۆر ئایینی بوون، شوێن کەوتووی داب و نەریتی باب و باپیرانیان بوون، بەڵام گوێیان لە ووشەی پەروەردگار خودا ناگرت. بەڵام ئیرمیا، پیاوێك بوو کەخۆش حاڵ بوو بە ووشەی خودا و بە گوێی دەکرد، بە پەرۆش بوو بۆ ئەو ڕۆژەی خودا مەسیح دەنێرێتە جیهان.

ئێستاش با بخوێنین چۆن خودا بانگی ئیرمیای کرد بۆئەوەی ببێت بە پێغەمبەر. لە بەشی یەکەمی سیپارەی ئیرمیا، نووسیویەتی: (ئیرمیا ١) [٤] جا وشەی پەروەردگارم بۆ هات و فەرمووی: [٥] (پێش ئەوەی لەناو سک شێوەت بکێشم، تۆم ناسی پێش ئەوەی لە منداڵدان بێیتە دەرەوە، تەرخانم کردیت، تۆم کرد بە پێغەمبەری نەتەوەکان.) [٦] بەڵام من وتم: (ئای ئەی پەروەردگاری باڵادەست، ئەوەتا من سە نازانم، چونکە من مێردمنداڵم.) [٧] ئینجا پەروەردگار پێی فەرمووم: (مەڵێ، (من مێردمنداڵم.) چونکە بۆ ای هەرکێ بتنێرم دەڕۆیت و هەرچی فەرمانت پێ بکەم دەیڵێیت، [٨] لە ڕووی ئەوان مەترسە چونکە من لەگەڵتدام تا فریات بکەوم،) پەروەردگار ڕایگەیاند. [٩] ئینجا پەروەردگار دەستی درێژکرد و دەستی لە دەمم دا و پەروەردگار پێی فەرمووم: (ئەوەتا وشەی خۆمم خستە دەمی تۆوە. [١٠] ببینە ئەمڕۆ تۆم کرد بە سەرپەرشتیار بەسەر نەتەوەکان و شانشینەکانەوە بۆ ڕیشەکێش کردن و بە زەویدادان بۆ لەناوبردن و ڕووخاندن بۆ بنیادنان و چاندن.)

بەو شێوەیە خودا بانگی ئیرمیای کرد بۆ ئەوەی ببێت بە پێغەمبەری. خودا ئەوی دەست نیشان کرد بۆ ئەوەی بچێتە لای جولەکەی قەومی خۆی و پێیان ڕابگەێنێ کەخودا دادوەرییان دەکات ئەگەر تۆبە نەکەن لە گوناهەکانیان و ڕوو لە پەروەردگار و ووشە پیرۆزەکەی. ئەرکەکەی ئیرمیا قورس و دژوار بوو، لەبەر ئەوەی جولەکەکان نەیاندەویست کەس پێیان بڵێت کەکردارە ئایینەکانیان دڵی خودای خۆش نەکرد. بەڵام پێغەمبەر ئیرمیا کەسێکی دنیایی نەبوو. بۆیە، بۆ ماوەی بیست و چوار ساڵ ئیرمیا ووتاری کرد لە قودس و لە خاکی یەهودا و دەیووت: (خودا دەیەوێ ئاگادارتان بکاتەوە ئەگەر لە گوناهەکانتان تۆبە

نەکەن و بە گوێی ووشەی پەروەردگار نەکەن، ئەوا خودا وادەکات سوپای نەتەوەی بابل بێن و قودس داگیر بکەن و شارەکە و پەرستگاکە وێران دەکەن و دەیسوتێنن! و وەك دەست کەوت دەتانبەن خاکێکی زۆر دوور!) ئەمە ئەو پەیامەیە کە ئێرمیا بانگی بۆ کرد لەنێوان ئەو جولەکانەی لە یەهودا دەژیان.

با چەن پارچەیەك لە نووسینەکانی ئێرمیاتان بۆ بخوێنینەوە کەئاگاداری جولەکەکانی کردەوە. لە سیپارەی ئێرمیا ولە بەشی حەفت دەخوێنینەوە: (ئێرمیا ٧) [1] ئەو وشەیەی لەلای پەروەردگارەوە بۆ ئێرمیا هات و فەرمووی: [2] (لەناو دەروازەی ماڵی پەروەردگاردا بوەستە و لەوێ بانگەوازی ئەم وشەیە بدە و بڵێ، (گوێ لە وشەی پەروەردگار بگرن، ئەی هەموو یەهودا، ئەی ئەوانەی لەم دەرگایە دێنە ژوورەوە بۆ کڕنۆش بردن بۆ پەروەردگار. [3] پەروەردگاری سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو: (ڕێگا و کردەوەکانتان چاک بکەنەوە و منیش لەم شوێنەدا نیشتەجێتان دەکەم. [4] پشت بەم قسە درۆیانە مەبەستن، بڵێن، (پەرستگای پەروەردگار، پەرستگای پەروەردگار، پەرستگای پەروەردگارە ئەمانە!) [5] چونکە ئەگەر بە تەواوی ڕێگا و کردەوەکانی خۆتان چاک‌کردەوە و ئەگەر بە تەواوی دادپەروەری پەیڕەو بکەن لەنێوان مرۆڤ و هاوڕێکەی. [6] ستەم لە نامۆ و هەتیو و بێوەژن مەکەن، خوێنی بێ‌تاوان مەڕێژن لەم شوێنەدا، دوای خوداکانی دیکە مەکەون، بۆ خراپەی خۆتان. [7] جا من لەم شوێنەدا نیشتەجێتان دەکەم، لەو زەوییەی بە باووباپیرانتانم داوە، لە هەتاهەتاوە و

تا تاهەتایە. [8] ئەوەتا ئێوە پشتتان بە قسەی درۆ بەستووە کە بێ سوودە. [9] ((وا دەزانن دەتوانن بدزن و بکوژن و داوێنپیسی بکەن... دوای خوداکانی دیکە بکەون کە نایان ناسن، [10] ئینجا بێن و لەبەردەمم لەم ماڵەدا بوەستن کە بە ناوی منەوە ناونراوە و بڵێن، (فریامان بکەوە!) بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە ئەنجامدانی هەموو ئەم قێزەوونە؟

بەو شێوەیە ئێرمیا گلەیی لە جولەکە کرد کەوا وایان نیشان دەدا کە خودا دەناسن بەڵام بە کردەوە خودایان ڕەت دەکردەوە. لە بەشی حەڤدەیەمین، ئێرمیا دەڵێت: (ئێرمیا ١٧) [5] پەروەردگار ئاوای فەرموو: (نەفرەت لێ کراوە ئەو کەسەی پشت بە ئادەمیزاد دەبەستێ و مرۆڤ دەکات بە بازووی خۆی و دڵی لەسەر پەروەردگار ادەبات... [9] دڵ لە هەموو شتێک فریودەرترە دەرمانی نییە، کێ دەیناسێت؟ [10] من پەروەردگارم، پشکێنەری دڵ تاقیکەرەوەی دەروون، تا بە هەریەکە بەگوێرەی ڕێگاکانی پێی بدەم بەگوێرەی بەروبوومی کردەوەکانی.

بۆیە، ئێرمیا خەڵکی یەهودای ئاگادار کردەوە و پێانی ڕاگەیاند: (ئەگەر تۆبە نەکەن لە گوناهەکانتان و ڕوو لە خودا نەکەنەوە، ئەوا سوپای بابل شاری قودس و پەرستگاکەی وێران دەکات، و ئێوەش دەبن بە کوێلەیان!)

ڕات چیە بەم شتە؟ بەڕای تۆ خەڵکی یەهودا ڕێزی ووشەی پەروەردگار و ئاوەریان لێ دایەوە کە لە زاری ئێرمیاوە قسەی لەگەڵیان کرد؟ زۆربەیان ئاوڕیان لە ئاگادارییەکە نەدایەوە! تەنانەت کاهینەکانیش باوەڕیان بە قسەکانی ئێرمیا نەکرد. لە ڕاستی دا، کاتی کاهینەکان گوێیان لە قسەکانی بوو، دەستگیریان کرد و بە قامچی لێیان دا و پێ بەستیان کرد ئەو ڕۆژە. کاهینەکان نەیانتوانی باوەڕ بکەن کە خودا وا دەکات بابلییەکانی دوژمنیان بێنەناو قودس و شارەکە و پەرستگاکەی کە سلێمان بنیاتی نابوو وێران بکەن. لەبیری ئەوان، ئەم شتە مەحاڵ بوو! لەئێرمیا توڕە بوون چونکە پێشبینی وێران بوونی قودسی کرد و ووشەی خودای لە سیپارەیەك نووسی.

نەك تەنها خەڵکەکە و کاهینەکان ووشەی پێغەمبەری خودا ئێرمیا قەبوڵیان نەکرد، هەروەها پاشای یەهوداش ڕەتی کردنەوە. لە ڕاستیدا، کاتێ پاشا ئەو سیپارەیەی ئێرمیا نووسیبوی خوێندیەوە، پەرتوکەکەی دڕاند بە چەقۆ و فڕێی دایە ناو ئاگردانەوە تاکو هەموو پەرتووکەکە سووتا! پاشای یەهودا ئاوای کرد. لە گوناهی خۆی تۆبە نەکرد و ووشەی پەروەردگاری قەبوڵ نەکرد. بەڵێ، پاشا پەرتوکی ئێرمیای سووتاندی، بەڵام نەیتوانی ڕاگەیاندنەکەی خودا بگۆڕێ. خودا زۆر بە ئاسانی وای کرد

ئیرمیا جارێکی تر ووشەی بنووسێتەوە لە سیپارەیەکی تر.

ئەگەر دیراسەتی سیپارەی ئیرمیا بکەی، دەبینی چۆن پاشا و کاهینەکان و خەڵکی یەهودا زۆر بەمەزنی ئیرمیایان چەوساندەوە، و زۆر جار لە زیندانیان دەکرد. تەنانەت جارێك لە چاڵی قوڕاوی قوڵیان دانا. بەڵام خودا هاتە ڕزگارکردنی، بە ناردنی پیاوێکی ئەفریقی کەوا لە چاڵەکە دەری کرد.

شتێکی گرنگ هەیە سەرنجی بدەین ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی جولەکە ڕەتیان کردەوە گوێ لە پێغەمبەر ئیرمیا بگرن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کەگوێیان لە کەس ڕاناگرن! ئەوان گوێیان لە مرۆڤ ڕادەگرت کەوا بە خۆیان دەوت پێغەمبەر — بەڵام ئەوان پێغەمبەری سەختەبوون! نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کەزۆر پیاو هەبوون خۆیان دەکرد بە پێغەمبەری خودا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان دوو ڕوو بوون فریودەر بوون، لەبەر ئەوەی پەیامەکانیان لەلایەن خوداوە نەبوو. لە دەرئەنجامدا، و لەو کاتەی ئیرمیا هاواری دادوەری خودای دەکرد کەبەسەر قودسدا دێت، پێغەمبەرە ساختەکانی یەهودا دەیان ووت، (نا، نا! ئەو کارەساتەی ئیرمیا پێشبینی دەکات ڕوونادات! بابل ناتوانێ قودس وێران بکات! کەس ناتوانێ پەرستگای خودا وێران بکات! ئێوە کارەسات نابینن! تەنها ئاشتی دەبینن، تەنها ئاشتی!)


بەڵام ئیرمیا بۆ هەموو جولەکەکان دوا و ووتی، (ئیرمیا ٢٣) [١٦] پەروەردگاری سوپاسالار ئاوای فەرموو: (گوێ مەگرن لە قسەی ئەو پێغەمبەرانە کە پێشبینیتان بۆ دەکەن ئەوان تەفرەتان دەدەن، لە بینینی دڵی خۆیانەوە دەدوێن نەک لەسەر زمانی پەروەردگارەوە. [٢١] من ئەو پێغەمبەرانەم نەنارد، خۆیان غاریان دا من قسەم لەگەڵیان نەکرد، خۆیان پێشبینیان کرد. [٢٢] ئەگەر لە ئەنجومەنی مندا وەستابان وشەکانی منیان بە گەلەکەم دەوت و لە ڕێگا خراپەکانیان و لە خراپەی کردەوەکانیان دەیانگێڕانەوە.

بۆیە ئیرمیا جولەکەکانی ئاگادار کردەوە لەو ووشانەی درۆیان بە خەڵك دەوت. بەڵام بەداخەوە، زۆربەی خەڵکی یەهودا ووریای ئاگادارییەکەی ئیرمیای پێغەمبەری خودا نەبوون. لەباتی ئەوە، باوەڕیان بە ووشەکانی پێغەمبەر ساختەکان کرد. بەڵام لە کۆتاییدا و لەپاش ئەوەی زۆر درەنگ بوو، پاشا و کاهینەکان و خەڵکەکە و پێغەمبەرە ساختەکان زانیان کێ ووشەی ڕاستی خودای ڕاگەیاند! ئەو ڕاستییەیان زانی لەبەر ئەوەی هەموو ئەو شتانە ئیرمیا ڕایگەیاند سەبارەت بە وێران بوونی قودس هاتە دی. ووشەی خودا هەمیشە دێتە دی.

با بزانین نووسراوی پیرۆز چی دەفەرموێ: (ئیرمیا ٥٢) [٤] ئەوە بوو لە ساڵی نۆیەمی پاشایەتییەکەی سدقیادا... نەبوخەدنەسەری پاشای بابل بەخۆی و هەموو سوپاکەیەوە هاتە سەر ئۆرشەلیم و ئۆردوگای کرد و بە چواردەوریدا قوڵلەی بنیاد نا. [٥] جا شارەکە کەوتە ژێر گەمارۆوە... [٦] لە مانگی چواردا، لە نۆی مانگدا برسییەتی لە شارەکەدا هێندە سەخت بوو کە گەلی خاکەکە نان نەبوو بیخۆن. [٧] جا کەلێن لە شارەکە کرایەوە... [٩] جا پاشایان گرت سەریان خست بۆ لای پاشای بابل... و لەوێدا دادگایی کرد و [١٠] پاشای بابل کوڕەکانی سدقیا و هەموو میرەکانی یەهودای لەپێش چاویدا لە ڕیڤلە کوشت و [١١] هەردوو چاوی سدقیاشی هەڵکۆڵی و بە دوو زنجیری مس کۆتی کرد و پاشای بابل... [١٣] پەرستگای پەروەردگار و کۆشکی پاشا و هەموو ماڵەکانی ئۆرشەلیم و هەموو ماڵی ناودارەکانی بە ئاگر سووتاند و [١٤] شوورەکانی ئۆرشەلیمیش بە چواردەوریدا، لەلایەن سوپای کلدانییەکانەوە ئەوانەی لەگەڵ فەرماندەی پاسەوانانی پاشادا بوون، ڕووخێنران. [١٥] جا لە ڕەشوڕووتی گەل و پاشماوەی گەلیش ئەوانەی لە شارەکەدا مابوونەوە و ئەوانەی بۆ لای پاشای بابل هەڵاتبوون لەگەڵ پاشماوەی بیناسازەکان، نەبوزەرەدانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا ڕاپێچی کردن. [١٦] بەڵام نەبوزەرەدانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا لە ڕەشوڕووتی زەوییەکەی هێشتەوە بۆ ڕەزمێوەکان و بۆ کێڵگەکان. [٢٧] ... ئینجا یەهودا لە خاکەکەی خۆی ڕاپێچ کرا.

بەو شێوەیە دەبینین چۆن خودا هەموو ئەو شتانەی جێ بەجێ کرد لە لەسەر زاری پێغەمبەری ئیرمیا پێشبینی کرد. ئێستا هەموو جولەکەکان زانیان کە ووشەکانی ئیرمیا ووشەی ڕاستی بوون. بەڵام ئەم زانیارییە هیچ سوودی نەبوو بۆیان، لەبەر ئەوەی ئەوان کەوتنە دەستی سەربازەکانی بابلی! چۆن دەتوانین وانەی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ بێنین؟ ڕەنگە بەم بیرۆکەیە بێت: لە ڕۆژی دوایی، هەموو نەوەی ئادەم لە کۆتاییدا دەزانن چی ڕاستە و چی درۆیە. بەڵام، خودا دەیەوێ ئێستا ڕاست و ساختە لێك جیابکەیەوە — لەبەر ئەوەی لە ڕۆژی دادوەری هیچ سوودی نابێ ئەگەر ڕاستی بزانی، ئەو ڕاستییەی تۆ ڕازی نەبووی لە کاتی ژیانت لەسەر زەوی! لە ڕۆژی دادوەری تۆبە کردنی زۆر درەنگ دەبێت، لەبەر ئەوەی لەناو گوناهەکانت فەوتای! لەبەر ئەوە ووشەی خودا دەفەرموێ: ئەوەتا ئێستایە کاتی پەسەندی خودا و ئێستایە ڕۆژی ڕزگاری. (٢ کۆرنسۆس ٦: ٢) خۆشەویستان، بڕوا بە هەموو ڕۆحێک مەکەن، بەڵکو ڕۆحەکان تاقی بکەنەوە، بزانن ئایا لە خوداوەیە، چونکە زۆر پێغەمبەری درۆزن هاتوونەتە جیهان. (١ یۆحەنا ٤: ١)

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ سەرنجی ئەم بەڵێنە دەدەیت لە پەروەردگارەوە، کە لەلایەن پێغەمبەر ئیرمیاوە نووسراە. پەروەردگار خودا دەفەرموێ، (بەدوامدا دەگەڕێن و دەمدۆزنەوە، کاتەک بە هەموو دڵتانەوە بەدوامدا دەگەڕێن.) (ئیرمیا ٢٩: ١٣)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ڕات چیە بەم شتە؟ بەڕای تۆ خەڵکی یەهودا ڕێزی ووشەی پەروەردگار و ئاوەریان لێ دایەوە کە لە زاری ئیرمیاوە قسەی لەگەڵیان کرد؟
٢. چۆن دەتوانین وانەی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ بێنین؟
٣. ئیستا هەموو جولەکەکان زانییان کە ووشەکانی ئیرمیا ووشەی راستی بوون، بەڵام بۆچی ئەم زانیارییە هیچ سودی نەبوو بۆیان؟